کۆمیسیۆن 3ی حوزەیران بە پێشکەشکردنی داواکاری بە کارمەندی دەنگدان دیاریدەکات



ئەمڕۆ چوارشەممە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو وەك دوا وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بە ئەرکی کارمەندی دەنگدان دیاریکرد.

وتەبێژی کۆمسیۆن جومانە غەلای، ڕاگەیاند: ڕۆژی 3ی حوزەیران دوا وادە دەبێت بە داواکردنی کارمەندی دەنگدان.

ئاماژەی بەوەشکرد: کۆمسیۆن لیژنەیەکی بە هەڵبژاردنی کارمەندانی دەنگدان پێکهێناوە، میکانیزمەکەش پێسندکراوە. سێشەممەی داهاتوو دوا وادەی پێشکەشکردن دەبێت.

وتیشی: داواکارییەکان کراوەدەبن بە کارمەندانی حکومەت وەك کارمەندی دەنگدان، هەروەها خوێندکاران و دەرچووانی بەوانامەی باڵا و بەکالۆریۆسیش دەگرێتەوە.